# تەقەی خۆشی

فەرەیدون حەمەڕەشید    سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com

**دیاردەیەك كەخەریكەئەبێت بەنەریت وباو لەناوكۆمەڵگایی كوردی دا,دیاردەی تەقەی خۆشی یە,كەلەگەڵ جاڕدانی هەردەست كەوت وسەركەوتنێك یان هەربۆنەیەكی خۆشی,بۆدەڕبڕینی خۆشیەكان خەڵكانێك چ ناهوشیارانە یان چاولێكەریانەئاسمانی شارەكان بەتەقەمەنی دادەبێژن وشارەكان دەكەنەبەرەی شەڕ,دەبێت پێش هەمووشتێك ئەوەبەبیری خۆمان بهێنینەوە كەدیاردەی تەقەی خۆشی بەجێماوی كلتووری بەعسە,كەلەقۆناخی شەڕیماڵوێرانەی عێراق وئێران ویادەكانی ڕۆژی لەدایكبوونی دیكتاتۆر و ڕاگەیاندنی سەركەوتنە كاتی و درۆینەكانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ بەسەرهێزی پێشمەرگەوئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستاندا,ئەم دیاردە قێزەوەنە بەناوی تەقەی خۆشی یەوە لەلایەن دام ودەزگای ئەوسای ڕژێم و چەكدارە بوودەڵەكانیەوە بەڕێدەخرا,  خەڵكی كوردستان مافی خۆیانە بە دەستكەوت وگەڕانەوەی مافەزەوتكراوەكان و هەرئازادیەكی زیاتر.,سەرمەست وشاگەشكەی خۆشیبن . هەڵپەڕكێ وسەمایی خۆشی بكەن,بادەی خۆشی بنۆشن ,سرووده شۆڕشگێڕی وئازادیخوازیەكان بچڕن وبڵێنەوە..نەك بەلاسایی كردنەوەی ئەودیاردە ناشارستانی یە كەهەم كلتووری بەعسەو هەم بەدرێژایی ئەم چەندساڵەی دوای ڕاپەڕین زۆرترین قوربانی گیانی و گێژاوی كۆمەلایەتی لێكەوتۆتەوە ,تەقەی خۆشی بەچەك وتەقەمەنی پڕباروت یاریكردنەبەمەرگی هاووڵاتیان وتێكدانی باری ئاسایشی كوردستان و هەل ڕەخساندنەبۆپیلانی تیرۆرستی وتێكدەرانە,خەڵكی كوردستان گەر چاولێكەری جەژنەنیشتمانیەكان و شەوانی كریسمسی وولاتانی ڕۆژئاوان كەئاسمانی ئەوشەوانە دەبێتە مەشخەلان,ئەوەتەقەمەنی ڕنگاڵەیی وخۆشی یە بەبێ زیان, بۆ یەدەسەڵات و حكومەت دەتوانێت لەڕێگەی بازرگانەكانەوە ئەوجۆرەتەقەمەنیە بێزیانە بیهێنێتە كوردستان, تاخەڵكانێك كەدەست بەرداری ئەم دیاردە مۆتەكاویە نابن سوودی لێببینن , لەجاڕدانی هەردەسكەوت وسەركەوتنێك بۆخەڵكی كوردستان خۆشیەكانیان پێدەڕبڕن وئاسمانی كوردستان بكەنە مەشخەڵان وئەستێرە باران ,هاووڵاتیانیش لەبۆنەی خۆشی وسەركەوتندا مەرگ یەخەیان پێنەگرێت .**